کۆشکی سپی
نوسینگەی جێگری سەرۆک

15ی ئەیلولی 2015 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

کورتەی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جوزێف بایدن و سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی

جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆزێف بایدن ئەمڕۆ قسەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادیدا کرد بۆ دوپاتکردنەوەی پشتیوانی بەردەوامی ئەمەریکا بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق بۆ تێکشکاندنی داعش.
جێگری سەرۆک سوپاسی سەرۆک وەزیران عەبادی کرد لەسەرکردایەتیکردنی دلسۆزانەی عێراق و هاندانی یەکێتی نیشتیمانی لەکاتی ناستەنگی گەورەی ئەمنی وەکو هێرشەکەی ئەمڕۆی داعش بۆسەر ئەنبار. جێگری سەرۆک، سەرۆک وەزیرانی دڵنیاکردەوە لە هاوکاری ئەمنی بەردەوام و خێرای ئەمەریکا بۆ عێراق لەروبەروبونەوەی داعش. ئەمەش گەیاندنی چەکی قورس لەخۆی دەگرێت وەکو ئەی تی فۆر کە جۆرەسارۆخێکە لەسەرشان ئاراستە دەکرێ بۆ روبەروبونەوەی ئۆتۆمبێلی مینرێژکر او وهەروەها تەقەمەنی و پێداویستی زیاتر بۆهێزە ئەمەنیەکانی عێراق.

هەردوو سەرکردە هاوڕابون لەسەرگرنگی و پێویستی جوڵاندنی شەڕکەری هۆزەکان، ئەوانەی بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنیەکانی عێراق کاردەکەن بۆ روبەروبونەوەی داعش و وە بۆدڵنیابونەوە لەیەکگرتویی هەوڵەکان لەنێوان هەموکۆمەڵگاکانی عێراقدا.

###